
# دیداری خەونێکی ئەرخەوانی

# گوڵچن و پیرەمێردی نەمر . . لە گوڵزاری ڕۆحی شاعیردا . . .






**نووسینی**

**ئازاد پێنجوێنی**

**پایزی ٢٠١٨**

ئەوە ژوانی ژیان ناسی شاعیرە . . لە دیدگای شیعرو پەندەکانیدا . . کە هەموو سبەینانێ . . زۆر بەهێمنیەوە . . بە چەند دانە پەڕاوی سپی وەك هـزری و . . خامە دەگمەنەکەی نێودەستی. . دەچێتە سەر گوێسەبانی نێو هەناوی پاکبوونەوەی . . .جەستەو رۆحەکان . . .چاوی دەبڕێتە تکەی بارانەکەو بە ئارامی دەڵێ . . تکایە بە خوڕ مەیەرە خوارێ . . تکایە هێمن بەرەوە .

تۆ کە دەتەوێت. . هەموان فێری هێمنی بکەیت .

بەسەر لاشەمدا . . بە ئارامی ببارێ و . . بەنێو رۆحمدا رۆبچۆ و لە جێژوانی مەنزڵگای حەقیقەتەکاندا ئارامیەکان بپارێزە.

تنۆك . . .تنۆك . . .بەنێو شادەمارەکانمدا گوزەر بکەو تاوێك ئۆقرەیم پێ ببەخشە. بۆسەر لە نوێ ژیانێکی ئارام گرتوو . . ئەی نازانی لەهەر دڵۆپێکت بۆ ڕوخسارم ، ڕوخساری ئارام و تەڕبووم . . بیرکردنەوەیەکە . . .بۆ شیعرێکی نوێ. . .بۆ پەندێکی نوێ ی زەمانە.

تەماشاکە . . .گرێ ی هەگبەکەم والاکردووەو . . وشەی ناو هەگبەکەم چاوەڕوانە تا پڕ پڕی کەیت لە خۆت و . . .ئاوێتەی وشەکانم بێت بۆ ئەوەی پێکەوە سەمایەك ساز بکەن بۆ رۆحی یارانی سەردەم.

بێ شك . . .بە حزوری تۆیە. . .ئەی بارانی هاودەم و هاوسۆزم . . ئاخر ئەوە تۆی بە یەکسانی دادەباریتە سەر ئەندێشەکان . . بەهۆی تۆوەیە کە دەتوانم بنوسم و تێ فکرم بەرەو داهێنانی ئەبەدی ووشەکانم لە قاڵب بدەم و بیکەمە دیاری جەژنانە بۆ دڵە پڕ لە حەسرەتەکانی مێژوو. . ئاخر مەولانا وتەنی. . .

دڵم تەنگە. . تەنها بە دیداری تۆ تیمار دەبێت . .

گوڵچن هەموو جارێك . . ئەم دێڕەی دەبەخشیە دڵی ماندووی بۆ تیماری کێڵگەی دڵی و بە چەند ووشەیەکی هەڵقوڵاوی ناخی ئاوی دەدا. . بۆ ئەوەی بەردەوام لە چرۆدا بن و ببێتە ئاوەدانی ناخی پڕ لە حەسرەتی .

ئا لەو تێڕامانە رۆحییەیدا . . .سەیری سروشتی دەکردوو هەناسەیەکی ئارامی هەڵدەکێشاو بە خۆزگەوە دەیوت . .

تەماشاکەن ئەو دار شۆڕەبیانە چۆن خۆیان نمایش دەکەن و شنەی شەماڵ سەما بە گەڵاکانیان دەکات . .

گوڵچنی شاعیر جیهانێك لە وێنای ژیان و عیشق و ئازادی وێنا دەکرد بۆ نەمری یادەوەریەکانی .. عەقڵی ناوازەی ئەو جیاواز بوو لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی بونەوەرانی دی . . تا ئەوەی وەك زایەڵە پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد بۆ جوانیەکانی ژیان .

خۆزگە ئەمزانی پەیکەریان بۆ بکەم .

نەك بە دوو وشەی نێو ناخم . . .دڵی خۆم خۆش کەم.

شاعیر. . .باش دەیزانی بە هزرو ئەندێشەی رومالّی جوانیەکان بکات. . .لەنێو ئەو ڕومالّەدا بچێتە کرۆکی ڕێگاکانی ئەبەدی و ژیان بە جۆرێکی تر تەفسیر بکات.

ئەو هەمیشە جیاواز بیر دەکاتەوە لۆژیکانە خامەکەی دەکاتە خەرمانی رومالّ کردنی جوانیەکان.

ئاخر شاعیر هیواخوازە یەکبوایە .

کەچی بیّ دەرەتانی و حەسرەت کێشی زەمانە. . .دەبنە پاشکۆیەك بۆ خەونەکان.

ئەوەتا لە خانەی سفردا خۆی دەبینێتەوە.

بەلاّم . . لە شیعرو ووشە جیاوازەکانی کە هەلّقوڕاوی ئەفراندنەکانێتی . . بە داهێنانەکانی و بەردەوام بوونی بۆ ئیستاتیکای ژیان . . ئەو دەبێتە وانەی حیکمەتەکان بۆ هەمووان و دەبێتە مایەی خۆشحالّی کە شاعیر بەو سفرە چاوی بە یەك دەکەوێت لە خانەی دەیاندا .

مامۆستا حەمە جەزا. . لەنێو ساباتی چلّە نێرگزەکاندا . . .بە ئارامی ڕیّ تەی دەکات. . .تاوێك. . .بۆن کردن. . .ساتێك. . .تێڕامان. . .مودەتێك بیرکردنەوە . . چەند ساتێك نوسین کە بە بەهاراندا. ووشە نێرگزیەکانی خۆی نمایش دەکات و پێمان دەلّێت پەلکەزێڕینە پێش باران نابێت ئەگەر چاوانمان لێلّ و دلّمان تاریك بێت.

وە هەر ساتێك گوزەر دەکەین بەنێو شیعرو پەندەکانیدا هیوایەك بەدلّمان ئەدات.

کە ڕۆ دەچینە نێو سایەی ووشەکانیەوە.

فرمێسك و خەندەمان بەیەکتر شاد دەکات

ئا لەو ڕێگەیەوە دەبینە هاوڕیّ ی پەپولەو گولّەکان و . . .

ژوانێك. . لە میهرو وەستانێك لە میحرابی. . .ڕستەکانیدا دەکەینە ژوانمان.

ئاخر پەپولە بە خەندە گولّ دەناسێتەوە.

خونچە بە عیشق چاو هەلّدەهێنیّ. . .هەر بۆیە مەرهەم و زامی ووشیار بوونی ئێمەش .

خەندەو خونچەو ئاوێتەی ووشەکانی جەزای شاعیرە. لەنێو هەستماندا . . .بوەتە ئارامیەکانی رۆحمان. . .چاوەڕوانی چاومانە. . .بۆ دیدگای . . .بیرەوەریەکان. . .چرپەی گوێیەکانمانە. . .بۆ بیستنی پەندە ناوازەکانی. . هەموو کاتیش بۆ بینینی( گولّچن) دلّمان لەسەر سەد لیّ دەدات. . هەنگاومان بەیەك دەبێتە سەدان بۆ دیداری ئەو. . ئاخر گولّچن بە وێنە شیعرو پەندە ناوازەکانی وانەمان دا ئەدات . . ئێمە قوتابی و جەنابیان مامۆستا. . شاعیر لەنێوانی . . پێنوسەکەی و شیعرە هەستەوەرەکانیدا. بە ئامادەبوونی شنەبای ئارام و تنۆك تنۆکی باران.

وەك دار شۆرەبیەکان . . .سەما دەکات بۆ ئاوازی ژیان . . دواجاریش هەموانی سەراسیمە دەکرد. بۆ لەرەی رەوتی . ئەو دار شۆرەبیانەو . . .دەنگی نەغمەی ئاوازی ژیانیش چاو و گویّ یەکانی تێر تر دەکرد. . .ئەوەش بووبووە دوا ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی ژیان و هەمووان هەنگاومان دەنا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای میهرەبانیەکانی.

کاتێکیش لە سپێدە ڕا . . خۆر دەردەکەوت . . ڕەنگەکان ئاوێتەی هزری شاعیرو ئەو مرۆڤانە دەبوون. کە چاویان تێر دەبوو بە دیتنی ئەم دیمەنانە.

ئاخر پەندەکانی حمە جەزا. لە شەونمی بەیانیاندا هەموو بەیانیەك خونچە ئەپشکوێنیٚ. . .شیعرەکانی . . .نیوەڕوانیٚ. . .وێنە ئەدەن بە ژیان و . . ئێوارانێك هەناسەکانی گوزەر دەکەن بەنێو پەنجەرەی دڵی هەمواندا . . ئیدی لەوێوەیە خونچەی پەندو شیعرەکانی شاعیر بە عیشقەوە چاو هەڵدێنن.

شاعیر زۆر شەیدایانە ڕۆژانی بیرکردنەوەکانی. . دەژمێریٚ و . . ئارام ئارام . . وەك پەپولە بیٚ دەنگ و هێمن. . دەچێتە نێو گوڵ و گوڵزاری باخچەکەی و دەست لە ملی پێنوسەکەی و دواجار چرای داهێنان هەڵدەکات و . . .دەبێژێت و دەنوسێت.

هۆ خەڵکینە. . .من گوڵچنم. . .پیاوە بیٚ دەنگەکەم . . .ئێوەش وەك من. . .هەمیشە ئارام بن و تێڕامێنن. . ئەی نابینن من لە جێژوانی حەقیقەتی ووشە نەمرەکان بە تەواوی تێڕادەمێنم. . .بە کاوەخۆ دەڕوانمە باگکراوندی ژیان. . بە ئەندێشەکانمەوە دەبمە هەڵگری نازناوی بیٚ گەرد. . .ئەوە نوسراوەکانمە کە بە خەندەوە. درك بە جوانی دەکەن بە ئەسرینەوە دەڕژێنە شادەمارەکانی مرۆڤایەتی . . بە حەسرەتەوە لە چاوەڕوانی بارانن .

شاعیر لەنێو بۆن و بەرامی ئەو گوڵانەدا کەرنەڤاڵێکی سازدابوو. . .کە شەوق و ڕەونەقی ژیان ئەو ڕۆژە بە جۆرێکی جیاواز بوو.

ئەو لە هەناوی (نەوای سازو) لە گەڕانی بۆ ( ڕووماڵێك لە جوانی ) و بەدەم چریکەی پەندی ژیانەوە گۆرانی خۆش نودی بە باڵای شیعرەکانیدا دەوت. . .و هاواری دەکرد.

زۆر گەڕام و . . .زۆرم بینی. . .تا گەیشتمە خۆم و خۆمم بینی. . .من بە نوسین دادەگیرسێم. بۆ ئەبەد . ناکوژێمەو ناکوژێمەوە بۆ رەها.

ئیدی حمە جەزا. . بە خەندەوە . . ساتی ئەو کەرنەڤاڵەی . . .تۆمار دەکرد.

لە هزنیداو . . .هاواری دەکرد. . .چەند جوانە من خودی خۆمم . . چەند نایابە . من ئاوێنە ئاسا ژیان و مرۆڤایەتی نابینم.

بەڵکو لە ناخمدا جوانی هەمووان دەبینم.

بارانەکە خۆشی کردبووەوە. . .کزە بایەك هەڵی کرد دەیدا لە ڕوخساری گوڵچن . . .سەروسیمای بیٚ گەرتر دەینواند.

چاوێکی خستەسەر گوڵ و گوڵزارەکان. . .وای هەست کرد کە ماڵئاوایی لیٚ بکەن و پیٚ ی رابگەیەنن. . .کە چەند ساتێکی تر ژوانێکی هەیە . . بەڵام ژوانێکی جیاواز و شکۆدار . . بۆ بینینی پیرە پیاوێکی بیرمەندو واتادار. کە لە مێژە بە حەسرەتە بە ڕۆحی نەمری ئەم پیاوە شاد بێت.

شاعیر هەستی کرد بەوەی هەرچی زووە . . سەردانی ئەو کەڵە پیاوە بکات. ئاخر دڵە کوتەی بوو. . .سات ناساتیٚ بەخۆی دەوت. . ئای گوڵچن . . چ ڕۆژێکی جوان و جیاوازە بۆ تۆ. . دەرونێکی پڕ سۆز بۆ بینینی خۆشەویستیەکی پیرۆز. . .کەواتە کات درەنگەو. . .دەبێت هەنگاو هەڵگرم . . .دەنا بیٚ بەش دەبم لەو ساباتی ڕوناکیەی ژیان. . لە دیتنی ئەو پیاوە ناوازەیە.

بەڵیٚ. . .شاعیر هەنگاوی نا. . .هەنگاوی خێراتر. . .وەك قوتابیەکی دێوانەی وانەکان. بە تامەزرۆوە بەنێو دار ئەرخەوانەکانی ڕاستە دیواری دالأنێکدا.

ڕۆشت. . .جار جارە بە ڕوخسارە بێگەردیەکەیەوە سەری بۆ نێو دیواری دالأنەکە بەرز دەکردەوە . . .بەڵکو بە خێرایی ئەو پیاوە بلیمەتە ببینێت.

زۆر هێمنانە دەرگا دارینەکەی دالأنەکەی کردەوەو چووە نێو دالأنەکەوە کە پڕی گوڵی لالەزارو شەوبۆو نەسرین بوو.

بینی چەند قوتابیەك . . .بەبیٚ دەنگی دانیشتون و لە چاوەڕوانیدان . . گوڵچن بیٚ ئەوەی هیچ بڵیٚ چووە گۆشەیەکەوەو بە هێمنیەکەوە دانیشت.

هەناسەیەکی. . .بە تاسەوە هەڵکێشاو بە هێوری وتی. . .ئاخۆ کەی تەشریفیان بگات. . من زۆر عەودالٚم بۆ بینینی جەنابیان . . دەنگێکی زوڵاڵ و جیاواز. . .لەودیو دالأنەکەوە. . .هاتە بەر گویٚ ی گوڵچن و تەواوی قوتابیەکان کە دەیوت.

من هیوام بە کەس نیە بیٚ باکم. . بە تەعنەی بەدکار ئەزانم چاکم.

گوڵچن کە گویٚ بیستی ئەم پەندە بوو. . .گیانی کەوتە لەرزە. . .بەلأم لە سەرو سیمایدا خۆشحالٚ و خەنی بوو. . بە ئەسپایی بە خۆی وت

بەڵیٚ. . .کەوایە ئەو پیاوە شکۆدارە. . .خۆیەتی. . .جەنابیان پیرە مێردی نەمرە. . .ئەی هاوار کە بۆ من چەند لە بارو جوانە ئەمڕۆ. . خودایە سوپاس کە گەیشتم بە ئاواتەکەم . . تۆ بڵێی بتوانم بە دیتنیان شاد ببم.

پیرەمێردی ئازیز هەنگاوی نا بەرەو لای قوتابیەکان و زۆر بە ئارامی دەستێکی هێنا بە پرچ و ڕیشە بەفر ئاساکەیداو . . بە گۆچانەکەی دەستی ئیشارەتی سلأوی بۆ ئامادەبوان کرد. ئاخر گوڵچن هاتبووە ئەم کۆڕی فێرکردنەوە بۆ ئەوەی مەکانەتی زانین و زانیاری پەرە پیٚ بدات و بۆ مێژوو نەمر بێت.

شاعیر هاتبوو تا هەناسەیەکی فێرکاری و ژیان بەرجەستە بکات. لە تەك هەناسە زیندووەکانی پیاوە شکۆدارەکەدا.

تەواوی ئەو دالأنە. . بووە کەرنەڤاڵی . . پەندو شیعرو پرسیار و وەلأم . . بیٚ دەنگیەك باڵی کێشابوو بە تەواوی نێو ئەو کۆڕەدا. . هەمووان شەیدای گفتاری پیاوە نەمرەکە بوون.

پیرەمێرد . . زەردەخەنەیەك بە ڕویدا هات و هەرواش چاوی بە هێواشی بەسەر قوتابیەکاندا دەگێڕا. . .تا ئەوەی ئاراستەی چاوە ماندووەکانی لەسەر حمە جەزای شاعیر راگرت و . . زۆر خۆش حاڵ بوو سەیرێکی خۆری پرشنگداری کرد. هەستی کرد . . بریقەدار و ئاوەڵایەو وای بۆ دەچوو ئەو تیشکی خۆرە بیەوێت یەکێك لەنێو ئەو قوتابیانەدا دەست نیشان بکات و بە پیرەمێرد رابگەیەنێت ئەو لەنێو هەموو ئەو قوتابیانەدا جیاوازە.

پیرەمێرد زۆر خۆشحاڵ بوو. . کۆکەیەکی بۆ کردوو بە حەمە جەزای ووت. . کەوایە ئێوەن هەنگاو هەڵگرتنی ڕێگا نەمریەکانی ئێمە. . بە روخسارتا دیارە . . دەتەوێت . . بەردەوامی بە ژیان بەیت و چاوەکانت پێم دەڵێن تۆ لەپێناو مرۆڤایەتیدا هەنگاو هەڵدەگریت . . خۆشحاڵم تۆ لە نێو ئەم کوڕەدا دەبینم . . وەرە دەی گوڵچن چاوەڕێ ی چیت. . من دەڕۆم. بۆ سەفەرێکی زۆر دوور . . ئەم کوڕی نێو دالانە دەبێت ئێوە تەواوی بکەن بۆ ئەو قوتابیانە. نابینی خۆر چاوەڕێتەو تیشکەکانی ئاوەڵا کردووە بۆ حەقیقەتەکانی ناخت.

گوڵچن . . .بەم ووشە ئاڵتونیانەی پیرەمێرد . . سەراسیمە بوو .

سەرتاپای گیانی گەرم داهات . . هەناسەی توند بوو بوو. . بە ئەستەم بە پیرەمێردی دەوت.

پیاوی شکۆدار و فەیلەسوف. . .ویستم تێ بگەم . . .کە هاتمە حزورت. . .خەندەیەك توانی. . .بنیات نێت ئاوات. ئەسرین لە چاومان . . بۆ وتەکانت بونەتە خوناو لە لێواری وشەکانت ڕێگە دەگرین بۆ ئەوەی وەك ڕۆندك بخزێتە نێو بینایمان .

ئاخر قوربان. . .من چۆن وانە بڵێمەوە. . .چۆن بتوانم لە حزوری ئێوەدا هەناسە بدەم.

پیرەمێرد. . .چووە لایەوەو دەستی گوڵچنی گرت و لە شوێنەکەی خۆی وەستاندی. . بە قاڵدرمەی دالانەکەدا . . .چووە ژووری چاپخانەکەو دەرگای چاپخانەکەی بە تەواوی داخست. . .هاتە نێو پەنجەرە دارینەکەو . . .چاوی لەسەر گوڵچن و قوتابیەکان بوو.

بەڵێ . . گوڵچن شوێن هەنگاوی پیرەمێردی هەڵگرت . . ناخ و هزرو ئەندێشەی بووە بەردەوامی. چیرۆکەکانی ژیان بۆ پەندی زەمانە . . بە هەمان شێوەی پیرەمێرد سڵاوی لە قوتابیەکان کردو وانەی ژیانی پێ دەوتنەوە ئاخر ئەو قوتابیانە قوتابی سەردەم بوون. . .گوڵجنیش هەمان مامۆستای سەردەم بوو.

هەمان پێنوسی زێڕین. کە بووبووە سەرچاوەی ئیلهامەکانی . بە پەندێکی جیاوازو ناوازەی. . .کۆتایی بەو کوڕە نەمریە هێنا کە پیرەمێرد تیایدا سەر قافڵەی نەمری بوو.

گوڵچن دەستە پیرۆزەکانی بەرز دەکردەوە بۆ قوتابیەکان و دەیوت. . شەتەك نەبن لە گەڕان. . .فێری دۆزینەوە بن . . .!! بۆ هەر کارێك دۆزیتانەوە . . .بەخشندەیی ئەبەنەوە.

گوڵچن دەنگی زوڵاڵی پیرەمێردی بەر گوێیەکانی کەوت. کە لەو دیو پەنجەرەکەوە چەند جارێك ووتی. . .ئافەرین. . .هەر بژیت . گوڵچن. . شاعیر هەستێکی وای لا دروست بوو . . دەتووت. .

.دەریایەك هۆنراوەو پەندی بەسەر جەستەیدا ڕژاوە . . بۆیە وەك دێوانە لە خۆشیدا بە نێو دالأنەکەدا دەهات و دەچوو.

تا ئەوەی. . بە دەنگی چەند شالورێك. . .لەنێو کەرنەڤاڵی گوڵ گوڵزارەکەی دەرونیدا بەئاگا هات.

گوڵچن هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشاو چاوێکی بریە تەواوی گوڵەکان . . دواین جار بۆی دەرکەوت. . .ئەم دیدارەی خۆی و پیرەمێرد خەونێکی ئەرخەوانی بووە.

دواجار شاعیر. . بە ئاوێتەی پەندو شیعرەکانی . . لەنێو ئەو خەونە ئەرخەوانیەی کە هەموو ڕۆژ بە نسیبی دەبوو . . چاوەکانی هەمیشە کراوە بۆ مێژوویەکی پرشنگدارو نیگاکانی خۆناسین . . وە هەر لەو نیگایەوە شاعیر . . هەموو ئێوارانێك هیوایەك لە وێناکردنی بەنێو دەروونیدا دەکردە دوا ویستگەو لەو ویستگەیەوە چاوی بە ڕوناکیەکی جیاواز دەکرد کە دەیدا لە ڕوخساری.

گوڵچن هەموو ئێوارانێك هەنگاو دەنێ. . هەنگاوی ئارامی. . هەر کە شەو دادێ بۆ بیرکردنەوەو گۆشەگیری . . نوسینەوەی ژیان. لە شا ڕێگای نێو هەناویدا. . هەنگاو دەنێ. . بۆ هەنگاوی نەمریەکان.

تا ئەوەی هەموو بەیانیانێك خۆر بە جوانی گزنگی بۆ دێنێ و بۆ هەر کارێکی نوێگەری سەرکەوتن بەدەست دێنێ. . .

وە لە هەموو مەودایەکی ڕۆژانەیدا بە هێزەوە دەنوسێت و لایەنە جوانەکانی ژیان دەخاتە بەرچاوی مرۆڤایەتی و . . دوای وچانێك دووبارە هەنگاو دەنێ و . . .سلاوێکی دەگمەن لە زێوەری شاعیرو . . جەلالی میرزا کەریم و . . پاشانیش بە دیداری مەلا تۆفیقی بێ چاو ئاشنا دەبێت . بە حزوری ئەوانیش پیاسەیەکی ئێوارانی جیاوازو کۆڕێکی یادەوەری ساز ئەدات و ئیدی وەك پیشەی هەمیشەی ڕۆژانەی .دەنوسێت و هەر دەنوسێت تا ئەوەی هەناسەی ئارامیەکانی ئاوێتەی سروشت دەکات و بە عیشقەوە وچانێك لەنێو گوڵزاری پەندو شیعرەکانیدا ئەدات بۆ ئەوەی وەك هەمیشە لەنێو خەونە ئەرخەوانیەکانیدا بێ ماندووبوون ڕووماڵی جوانیەکانی ژیان لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بەرجەستە بکات.

